# ڕۆڵی

# جەلال تاڵەبانی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد

## ڕۆڵی جەلال تاڵەبانی لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد

ڕوناکبیری مەڵبەندی کۆیە و ناوەندی هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ هەفتەیەکی ڕوناکبیریان بۆ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی بەڕێوە برد، کۆمەڵێک بابەتی بەسوود بە شێوەی وانە پێشکەش بە بەشداربووانی هەفتە روناکبیرییەکە کرا، یەک لە محازەرەکان بەم ناونیشانەی سەرەوە بۆمن دانرابوو، بەپێی توانا قسەمان تێداکرد بەلام لەبەر کەمی کات نەپەرژاینە سەر تەواوکردنی کۆی ئەو بابەتەی بە نیازبووین پێشکەشی بکەین، بۆیە لێرەدا کورتەیەک لە ڕۆڵی مام دەخەینە بەردەست، ئەگەر نا ڕۆڵی ئەم پیاوە مەزنە بەگێڕانەوە و چەندین بەرگ کتێب تەواو نابێت.

جەلال تاڵەبانی (مام جەلال ) کوڕی شێخ حوسامەدینی کوڕی شێخ نورەڵلای کوڕی شێخ نووری کوڕی شێخ غەفوری تاڵەبانی یە، ( ١) لە ساڵی ١٩٣٣ لە دێی کەڵکان هاتۆتە دنیا، لە بنەماڵەیەکی ئایینی دیارە، کە لەبنچینەدا ئەوان دەچنەوە سەرشێخ ئەحمەدی تاڵەبانی کوڕی مەلا

مەحمـوودی زەنگـنە، ئەم مەلا مەحمـووده مـاوەیەکی زۆر لەناو زەنگنەدا ژیاوە و کچی میر سمایل خانی زەنگنەی هێنــاوە، بــۆیێ زۆر لەنووســەران دەیگێــڕنەوە بــۆخێڵی زەنگـنەی گەرمیـان، ئەگینـا مەلا مەحمـوود کـوڕی ئاغـا ڕۆسـتەمی کـوڕی ئاغـا یووسـفە لە نەوەی کـاکە سـووری بۆکـانە، کە سـێ سـەد سـاڵێک لەمەوبەر بـۆ تەواوکردنـی خوێنــــدن بە فەقێییەتـــــی ڕووی کــــردۆتە باشــــوری کوردستان[1]

خـودی مـام جەلال لە گوزارشـت کـردن لە بنەماڵەکەیـان دەڵـێ: تاڵەبانیەکـان عەشـیرەت نـین، بەڵکـو تاڵەبانییەکـان هەموو لە پیاوێک کەوتونەتەوە، کە نـاوی مەلا مەحمـوودی زەنگنەیە. مەلا مەحمـوودی زەنگـنە لەو دێـیە، لەوتاڵەبـانە ژیاوە، شێخ ئەحمەدی هیندی هـاتووە بۆکوردسـتان، ئێسـتا قەبـرەکەی لە سورداشــە، مەلا مەحمـوودی زەنگـنە بـۆتە خەلـیفەی ئەو شـێخ ئەحـمەدە چـووە بـۆ بەغـدا و بە مـاڵی

[1]- مێژووی بنەماڵەی تاڵەبانی، د.نوری تاڵەبانی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و پەراوێز نووسینی: د. محەمەد عەلی سوڵتانی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی٢٠٢١،ل٧

ئەودا تێپەڕیووە دوایی بۆتە خەلیفەی، کە شێخ ئەحمەد وەفاتی کردووە، ئەو لەشوێنی دانیشتووە کوڕێکی بووە ناوی لێناوە شێخ ئەحمەد. ئەو شێخ ئەحمەدە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە، ئەوشێخ ئەحمەدە حەوت کوڕی هەبووە، یەکێک لەوکوڕانە بەرەبابی ئێمەیە.[2] سەبارەت بەناوی مام جەلال خودی خۆی ئەوەی ساغکرۆتەوە و دەڵێ: باوکم بەناوی مامە جەلالییەوە ناوی لێناوم مام جەلال، لە بەر ئەوەی هەر لە منداڵییەوە پێم گوتراوە مام جەلال، وەکو بەعزە کەسێک هەیە ناوی بابە شێخە، یان کاکە سوورە منیش ناوم مام جەلالە.[3] دوای ئەوەی دێی کەڵکانی دامێنی کێوی کۆسرەت سەر بە ناحیەی میرزا ڕۆستەم، کە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکان کەوتووە و ئێستا سەر بە ناحیەی خەلەکانە، بەجێ دەهێڵێ و لە شاری کۆیە دەگیرسێتەوە، دەچێتە بەر خوێندن، هەر لەو ساتەوە بلیمەتی و بەهرە و تواناکانی دەردەکەون و دەدرەوشێنەوە و دەست دەکا بە خوێندن و خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن، لەناو هاوتەمەنەکانی دەردەکەوێ و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە و

[2]- مام جەلال لەوەلامی ٧٤ پرسیاردا ،ل٣٩.
[3]- مام جەلال لەوەڵامی ٧٤ پرسیادا،ل١٢.

جێــی ســـەرنج و مـــایەی سەرســـوڕمانی مامۆســـتا و پەروەردەکارانی دەبێ. دەتوانین بڵێین لە چلەکانی سەدەی ڕابــردوو ســەروبەندی شــەڕی دووەمــی جیهــانی، کــۆیە جموجۆڵێکی سیاسیی و ڕۆشنبیریی گەشی گرتبووە خۆ، ئەڵەمانیــای نــازی پەلامــاری ســۆڤیەتی دابــوو، ئینگلیــز لە عێــراق خەریکــی هەرای ڕەشــید عــالی گەیلانــی بــوو، بەریتانیــای کۆلۆنیــالی لە باشــووری ئێــرانەوە و ســوپای سۆڤیەتیش لە باکورەوە چوبوونە ناو خاکی ئەو وڵاتەوە. جموجۆڵی سیاسیی لە ناو کورد چەکەرەی کردبوو، حزبی هیوا وەک نیشتمانپەروەرانی شاری کاری بۆ ئەوە کردبوو سوود لە وزە و توانای شەڕکەرانەی بارزانییەکان ببینێ بۆ بەگژاچونەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراق، هەردوو حزبــی (شــۆڕش) و (رزگــاری) بە بیــری چەپــڕەوانە کەوتبوونە چالاکی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) لە ڕۆژهەڵات و باشــوری کوردســتان لەپێنــاو یەکخســتنی کوردســتان هەڵدەســوڕا و لەرێــی گۆڤــاری (نیشــتمان)ی ئۆرگانییەوە هیوای ڕزگاری وسەربەخۆیی دەبەخشییەوە. وێڕای هەموو ئەمانە لە کۆیە دوو کتێبخانە بە ناوەکانی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی و کتێبخانەی کۆیە ڕۆڵیان

لە هوشیارکردنەوە و پێگەیاندنی خوێندەواران هەبوو، دیارە کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢-٢٠١٧) سەرپەرشتی دەکرد و کەسێکی لەسەر دانابوو بە ناوی ساڵح شەمس(١٩٢٤-١٩٧٣)، و ئەڵقەی ڕۆشنبیری پارتی بوو. هەرچی کتێبخانەی کۆیە بوو، فاتح ڕەسول (١٩٣١-٢٠٠٨) سەرپەرشتی دەکرد و ئەڵقەی ڕۆشنبیری شیوعییەکان بوو. ئەم دووشوێنە ڕوناکبیریە هاموشۆکەرانیان دەیانتوانی ڕۆژنامەکان لەوێ بەخۆڕایی بخوێننەوە بۆکتێبیش، کە کەسێک ئابوونەی دەدا دەیتوانی کتێب بخوازێتەوە و بیخوێنێتەوە و بیگەڕێنیتەوە. مام جەلال هاموشۆی هەردوو کتێبخانەی دەکرد و دۆستایەتی نزیکی لەگەل فاتح ڕەسوڵ هەبوو، لەپشووی هاوینە، کە خوێندکاری کوللیەکان دەگەڕانەوە کۆیێ، لێرەدا یەک لەم خوێندکارانە عومەر مستەفا(١٩٢٣ -١٩٩٢)، کە دواتر بە عومەر دەبابە ناسرا، مام جەلال بانگی لای خۆی دەکا، کە دیارە پێشتر بۆی دەرکەوتووە هەست و خولیای بەرامبەر کوردایەتی چۆنە. تاڵەبانی لە گۆڤاری خاک نووسیویە: هاوینی ١٩٤٦بوو، کاکە دەبابە هاتبۆوە کۆیە بە ڕۆژ زۆرجاران پێش نیوەڕۆیان لەگەڵ هەڤاڵانی خۆی دەچوونە

کۆشـــکەکەی چاخـــانەی حەمەڕەق، منـــیش ئەو هەلەم قۆســـتەوە و هێنـــدێجار دەچـــوومە ئەو چاخـــانەیە و لە دوورەوە تەماشای کاکە دەبابەم دەکرد و گوێم لە پێکەنینە خۆشەکەی دەبوو. وا ڕێککەوت ڕۆژێکیان لەسەر تەختێکی نزیـک بەکۆڕەکـانی ئەوان جـێگە هەبـوو لەویّ دانیشـتم، خوالێخۆشـبوو کـاک حیسـامەدین تەیبـیش،[4] کە لە نـاو کۆڕەکە بوو بەخێرهاتنی کردم و ئەوانی تریش هەموویان بەخێرهاتنیان کردم و کاک حیسامەدین، کە دەیزانی چەند تامەزرۆی ناسینی کاکە دەبابەم فەرمووی لێکردم بۆلای خۆیـان و هەروەهـا خوالێخۆشـبوو کـاک حـاجی بـاقی،[5] دۆسـت و مامۆسـتا و جیرانیشـمان، کـاکە دەبـابەش، کە حیسامەدین چرپاندبووی بە گوێیدا بـانگی کـردم و منیش زۆر بە خۆشـییەوە چـوومە نـاو کۆڕەکەیـان. کـاکە دەبـابە منی بردە لای خۆی و زۆر بەمیهرەبانی و ڕووخۆشـییەوە هەواڵـی پرسـیم ولێـی پرسـیم ئایـا هەوەسـی خوێنـدنەوەم

---

[4]- حیسامەدین تەیب حاجی باپیر١٩٢٣ -١٩٨٦.

[5]- حاجی عەبدولباقی سالح١٩٢٤ -١٩٦٣.

هەیە و لە هیچ یەکێک لە مەکتەبەکانی کۆیە ئابوونەم[٦]؟ منیش لە وەڵاما گوتم زۆرم حەز لە خوێندنەوەیە، گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و دیوانی چاپکراوی شاعیرانی کورد دەخوێنمەوە، لە مەکتەبەی کۆیسنجەقیش ئابوونەم، لەوەڕا تێگەیشت کە من پەیوەندیم بە شیوعییەکانی کۆیەوە هەیە.

کاک حیسامەدین مەسەلەی نەتەوەی هێنایە کایەوە، دیاربوو هەمووی بۆ تێگەیاندنی من بوو. کاکە دەبابە مەسەلەکەی وا بۆلێک دامەوە، کە هەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەو دوو ڕەئیە چەندین شتیان بە دواداپێت وەک مافی چارەی خۆنووسین، وەک ئەوەی کورد بۆ خەباتی کوردایەتی خۆی حزبی پێشڕەوی هەبێت، یان چۆن دەوڵەتە داگیرکەرەکان کوردیان لە بۆتەی کۆمەڵی خۆیاندا تواندۆتەوە، ئەوهاش حزبەکانی عێراقچی کورد لەناو خۆیاندا حەشاربدەن و شتی تریش، هەموو ئەو قسانە

[٦]-ئابوونە بەو مانایە دێت، کە کەسێک مانگانە بڕە پارەیەک بدات بە مەکتەبە بۆ ئەوەی بتوانێت بێ گرفت هاتوچۆی مەکتەبە بکات و ڕۆژنامە بە خۆڕایی بخوێنێتەوە و کتێب بخوازێتەوە بۆ خوێندنەوە.

زۆریـان کـارتێکردم.[٧] دیـاره دواتـر عـومەر دەبـابە هەنـدێ وێنە و نووسراوی دەداتێ، لەوانە بەیاننامەی دامەزراندنی پـارتی بـوو. لەم سـەروبەندەش مشـتومڕێکی گەرم لەنـاو کۆڕی خوێندەوار و ڕونـاکبیران لەئـارادابوو لەمەڕ ئەوەی ئـــاخۆ کـــورد بە نەتەوە دەژمێـــردرێ یـــاخود نـــا، ئەم مەسـەلەیە، کە بیـر و بۆچـوونی مـام جەلالـی بزووانـدبوو عـومەر دەبـابەش لەو دانیشـتنە بـۆی ڕوون کردبـۆوە، کە بەڵـێ کـورد نەتەوەیە پـێچەوانەی شـیوعیەکان، کە لەبەر ڕۆشـنایی تێـزەکەی سـتالین دەیـانگوت کـورد نەتەوە نیـیە، بـۆیە مـام جەلال بـۆ یەکجـاری لە ئەڵـقەی ڕۆشـنبیری شیوعیەکان دەردەچێت و هەرچی کتێبی خوازراوی ئەوانی لابـووە بۆیـان دەگەڕێنێـتەوە لە مشـتومڕیدا لە گەڵیـان پێـداگری دەکـات، کە بەڵـێ کـورد نەتەوەیە و مـافی چارەنووسـی خۆشـی هەیە. لەم سـۆنگەیەوە ئیتـر بەلای پارتیدا دایدەشکێنێ و لەگەڵ کرانەوەی دەرگای قوتابخـانە، لە تەمەنـی سـیانزە سـاڵیدا خـۆی و وریـا مەلا عەلـی کـانی

[٧]- بڕوانە: نووسینەکانی سەرۆک مام جەلال لە گۆڤاری خاک دا، لەبڵاوکراوەکانی پڕۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠١٩، لا١٩-٢١

مـارانی، کە هەردوکیـان پـۆلی شەشـی سـەرەتایی دەبـن لەگەڵ ژمـارەیەک هـاوڕێی تریـان بە ڕێنمـایی و یـارمەتی مامۆسـتا کەمـال عەبـدولقادر نەشـئەت،[٨] کـۆمەڵەی پێشـکەوتنی خوێنـدەواری (KPx) دادەمەزرێـنن. مـام جەلال دەڵێـت، کە سـاڵی خوێنـدنی١٩٤٦-١٩٤٧ دەسـتی پێکـردەوە، مامۆسـتایەکمان بـۆ وەرزش بـۆ دانرابوو(مامۆستا کەمال عەبدولقادر نەشئەت) زۆر چالاک و ڕووخـۆش بـوو. مـن لە وەرزشـدا تەنهـا لە پینـگ پۆنـگ بـاش بـووم، ئەویـش بەو بیـانووە منـی کـردە لێپرسـراوی مێزی پینگ پۆنگەکەکەی مەکتەب، کە هەریارییەک بە چوار فلـس بـوو تـاکو پـارە کـۆبکەینەوە بـۆ کڕینـی کەلـوپەلی وەرزش، ئەم هەلەی قۆسـتەوە. ڕۆژێکیـان مـن و کـاک وریـای مەلا عەلـی، بـرای دێـرین و هاوکلاسـی ئەوسـام، بـانگی کـردینە مـاڵی خـۆی لەوێ هانیـداین تـاکو کۆمەڵێکی خوێندکاران دروست بکەین بە ناوی (k.p.x) واتە کۆمەڵەی پێشـکەوتنی خوێنـدەواری. ئـێمەش زۆرمـان پێبـاش بـوو. پێکەوە هەموو ئەو خوێندکارانەی پۆلی شـەش و پێنجمـان

---

٨- بڕوانە: ڕامانی مام، دیداری دوو دۆست، گفتوگۆی هۆمەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال، ٢٠١٧، ل٤٠.

دواند، کە لێمان ڕادەبینی و پاشان هەموومان لە کۆشکی تەکیەی خۆمان کۆکردنەوە و سوێندمان خواردو(k.p.x) مان دانا. تومەز ئەوە بە بڕیاری پارتی بوو، ئیمەش وەک چالاکی ڕووکەشی پارتی ئەو کارەمان پێ کرابوو.[٩] ئیترمام جەلال دەبێتە چالاکترین ئەندام یان سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکە دەبێت. وێرای ئەوەی مام جەلال ئابوونە بووە لە مەکتەبەی حاجی قادر لە ڕۆژنامە ناوداره ڕۆژانەییەکەی کامل چادرچی(١٨٩٧-١٩٦٨) بە ناوی (ئەلئەهالی)، کە زمانحاڵی پارتی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق بوو بەشدار دەبێت، جگە لەمە هەر لە کتێبخانەی حاجی قادر ڕۆژنامەکانی شەعب و وەتەن و ئیتحاد دادەنران. ڕۆژنامەی شەعب یەحیا قاسم(١٩١٣-١٩٩٠) دەریدەکرد، وەتەن، پارتی گەل دەریدەکرد، کەخاوەنەکەی عەزیز شەریف(١٩٠٤-١٩٩٠) بوو، ئیتحادیش هی ئیتحادی وەتەنی بوو، کە عەبدولفەتاح ئیبراهیم(١٩٠٢-٢٠٠٣) دەریدەکرد، دەخوێندەوە بەمەش

---

٩- بڕوانە، نووسینەکانی مام جەلال لە گۆڤاری خاک دا، لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد،٢٠١٩.

باشـتر فێـری زمـانی عەرەبـی دەبێ. هەر ئەو سـاڵە ، واتە سـاڵی١٩٤٧ مامۆسـتا تـایەر سـەعید (١٩٢١-١٩٨٩) ، مـام جەلال و وریا مەلا عەلی بانگ دەکاتە لای خۆی لە مـاڵەوە لە کۆتایی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا داوایان لێدەکا ببن بە ئەندام و فۆرمیـان بـۆ پڕدەکـاتەوە هەرئەویـش نازنـاوی (ئـاگر)ی بۆهەڵـدەبژێری، کە دواتـر نووسـینی بەو ئیمـزایە بڵاوکردۆتەوە. ئیتـر ئەو سـاڵە بـۆ مـام جەلال دەبێتە بنـاغە داڕێژرانی سیاسیی، کە هەم لەپارتیدا بۆتە ئەندام و هەم لە کـۆڕی خوێنـدن و خوێنـدنەوە گەشـەی بە خـۆی داوە و چۆتە پێشەوە و کەرەستەیەکی باشـی ڕونـاکبیری لا گەڵاڵە بووە و لە کۆڕی هونەری و گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسیی پێگەیەکـی دیـار داگیـر دەکـا و تـێکەڵ بە ژیـانی حزبـایەتی دەبێ و تیایـدا پـێش دەکەوێ و بەرەو پـێش دەچـێ. لەگەڵ بگرە و بەردەی ژیان، سـەرباری دوورخسـتنەوە و زیندان و بەرچاوکردن بەبێ کۆڵدان کـاری ڕێکخراوەیی و حزبـی ڕادەپەڕێنێ و ڕۆڵـی بەرچـاو لە ڕابەرایەتـی دەبینـێ، لە نـاو ئەم جەنجاڵیەشدا قەلەم بە دەستەوە دەگرێ لە ڕۆژنـامە و نووسینی بەپێز شوێنی خۆی دەگرێ.

نووسـینەکانی لە ڕوانگەیەکـی نەتەوەیـی چەپـگەرا بـووە، وەک گوزارشتێک لەو دید و بۆچونانەی لە ناخیدا لە پێناو پێش خستنی نەتەوەی کورد و بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجە دیموکراسـیەکان بـۆ ئـازاد بـوون لە جەور و سـتەم و نـا بەرامـبەری و چەوسـانەوە، کە هەمـوو ژیـانی خـۆی بـۆ تەرخـان کـردووە و بـۆی تێکۆشـاوە. دەسـپێکی نووسـینی (مـام جەلال) دەگەڕێـتەوە بـۆ کۆتـایی چلەکـانی سـەدەی ڕابردوو، لە یادی نەورۆزی ١٩٤٨ شتی نووسیوە و دەڵێ : منـیش وتـارێکم هەبـوو، ئەوە سـێیەمین جـار بـوو کە لە نەورۆزدا خــوتبەم دەخوێنــدەوە، یەکەمــین جــار خــۆم خوتبەیەکی کورتم نووسیبۆوە و خوێندمەوە، ساڵی ١٩٤٧ یــش لێپرســراوی پـارتی خـوتبەی بـۆ نووسـیبومەوە بە تـایبەتی مامۆسـتا حەمەدەمـین مەعـرووف (١٩٢٠-١٩٩٩) هـی سـاڵی ١٩٤٨ خـۆم نووسـیبومەوە و مامۆسـتا عەلـی عەبـدوڵڵا بـۆی تەسـحیح کردبـووم.[١] ئەمە پێمـان دەڵـێ سـاڵی ١٩٤٨ سـێیەم نەورۆز بـووە خـوتبەی تیـادا خوێندۆتەوە کەواتە یەکەم خوتبەی کە خۆی نووسیویەوە

---

١-گۆڤاری خاک ژمارە ١٣ ساڵی دووەم، ١٠ تەمووز١٩٩٨، ل ٧- ٨ .

دەکەوێـــــــتە نەورۆزی ١٩٤٦ کەواتە یەکەم وتــــــار کە نووسیویەتی دەکەوێتە ئەو ساڵەوە. دواتر بە چوونە ناو کــاری سیاســییەوە لە (ڕزگــاری)ی ئۆرگــانی پــارتی دیموکراتی کورد کورتە وتارێکی لەژێر ناوی خوازراوی (ئاگر)دا بڵاوکردۆتەوە. جا لەبەرئەوەی ژمارەکانی ڕزگاری لەبەردەستدا نین ناتوانین بڵێین ئەم نووسینە یان وتارە لەسەر چی نووسراوە، ئاخۆ پاش ئەم نووسینەش چیتری بڵاوکـردۆتەوە یـاخود نـا . ئەوە دەبـێ چـاوەڕێ بـین تـا ڕۆژێک ژمارەکانی (ڕزگاری) لە شوێنێک سەر دەردەهێنن و دەکەوێـتە بەردەسـت بـۆ ئەوەی ئەم بـابەتە بە تەواوی سـاغ بکـرێتەوە. شـایانی گـوتنە (ڕزگـاری) هەر بەنـاوی ڕۆژنـــامە مەرکەزیـــیەکەی حزبـــی ڕزگـــاری کـــورد بڵاوکراوەتەوە، چونکە دوای کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بڕیاردرا ئامێر و کەرستەکانی چاپەمەنی هەردوو حزبی ڕزگـــاری کـــورد و شـــۆڕش یەکبخـــرێن بە مەبەســـتی دەرکردنی ڕۆژنامەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کورد، بـــۆیەش بە نـــاوی ڕزگـــاری هێڵـــرایەوە لەبەرئەوەی ڕۆژنـامەکەی حزبـی ڕزگـاری لە ناوەنـدی تێکۆشـەران و هاوسۆزانی گەل وکێشەی کورد ناوبانگی هەبوو. ڕزگاری

له١٩٤٦/٩/٣ به نـاوی ئۆرگـانی پـارتی دیمـوکراتی کـورد بڵاوکرایەوە و تا بەستنی کۆنگرەی سێی پارتی، کە هەم ناوی پارتی گۆردرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان هەم ناوی ڕۆژنامەکەش لە ڕزگارییەوە گۆڕدرا بە خەبات.[11]

ساڵی ١٩٤٨ هەڵبژاردن بۆ قوتابیان ئەنجام دەدرێت، مام جەلال هەڵدەبژێردرێت بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکێتیی قوتابیان لە کۆیە و دەبێتە نوێنەری ناوەندییەکانی کۆیە، لە یەکەم کۆنگرەی گشتی قوتابیانی عێراق، کە لە١٩٤٨/٤/١٤ لە گۆڕەپانی (سیباع) لە بەغدا بەسترا و بە کۆنگرەی سیباع ناوی دەرکرد، هەر لەوێش بۆ یەکەمجار چاوی بەشاعیری گەورەی عێـراق جەواهیـری (١٨٩٩-١٩٩٧)دەکەوێـت، کە شیعر دەخوێنێتەوە لەوێوە شیعرەکە کاری تێدەکا و پێی سەرسـام دەبێت. لەم کـۆنگرەیەدا مـام جەلال بە جێگـری لێژنەی تەنفیزی یەکێتیی قوتابیانی عێراق هەڵدەبژێردرێت.

سـاڵی ١٩٥٠-١٩٥١ مـام جەلال خوێنـدکاری دواناوەنـدی بـوو، لەپـۆلی چـواری ئامـادەیی لە هەولێـر دەخـوێنێ،

---

[11]- بروانە: رزگاری ثم خەبات، رزگار نوری شاویس،١٩٩٨، مطبعة التربيه فی اقليم كوردستان.

ئەوکاتەش کۆمەڵی مامۆستایانی لقی هەولێر ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی-ڕوناکبیری هەفتانەیان بەناوی هەولێر دەردەکرد، لەم ڕۆژنامەیەدا دوو نووسین بە ئیمزای جەلال تاڵەبانی دەکەوێته بەرچاو، هەرچەند مام جەلال خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ساڵی ٢٠٠٨ لە پەیوەندی بەنووسین و بڵاوکردنەوە دەڵێ: (ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندیم لەگەل ڕۆژنامەگەری و لەگەڵ نووسین و بڵاوکردنەوەدا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٥١، کە ئەو کاتە خوێندکاری دواناوەندی بووم ڕۆژنامەیەک دەردەچوو خوا لێخۆشبوو مامۆستا عیزەددین فەیزی.[12]دەریدەکرد، پیاوێکی بەناو و ناوبانگ و خوێندەواری هەولێر بوو، ئەوکاتە من ناو بە ناو وتارم تێدا دەنووسی بێئەوەی ناوی خۆم بنووسم و هاوکاریم

---

[12]- عیزەدین فەیزی عەبدوڵلا عەبدولباقی بەبنەچە دەچێتەوە سەر زانای ئاینیی ناودار مەلا جەرجیس ئەربیللی، ساڵی ١٩١٧ لە هەولێر لە دایک بووە ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

دەکرد لە کارەکانیدا).[12] ئێمە لێرەدا نازانیین ئاخۆ جگە لەم دوو وتارە، کە بە ئیمزای جەلال تاڵەبانی بڵاوبوونەتەوە، هیچ بابەتێکی تری بەبێ ئەوەی ئیمزای خۆی لەسەر دابنێ بڵاوبۆتەوە یاخود نا. بەهەرحاڵ ئەم دوو وتارە، کە یەکەمیان لەژمارە(١٩) ی ڕۆژنامەکە لەژێر سەردێری میللەتە یەکگرتووەکان نووسراوە و تیایدا باس لە سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دەکات لەسەروبەندی تەواو بوونی شەڕی دووەمی گێتی، دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بە پێویستیان زانیوە دەستەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی ئەمن و ئاسایش و ڕاگرتنی دۆستایەتیی لەنێوانیان، ڕێککەوتوون. بەشکان و بەزینی فاشیزم و کۆتا هاتنی شەڕەکە ئیتر بە گەرمی کاریان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکە کردووە و لە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ، کەنوێنەری ٥٠ دەوڵەت ئامادەبوون، ڕەزامەندی کۆتایی بەدامەزراندنی ڕێکخراوەکە دراوە،

---

[13]- هەولێر، رۆژنامەیەکی ئەدەبی ئەقافی هەفتەییە،١٩٥٠-١٩٥١، پارێزەر، تاریق جامباز، لە بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،٢٠١٨).

هەروەهـا تیایـدا باسـی ئامـانج و بەشـەکانی و پێکهـاتە و بەرنامەکەیان دەکات.

وتـاری دووەمـی، کە لە ژمـارەی ٢٤ی هەمـان ڕۆژنـامەدا بڵاوکـــراوەتەوە بە ســـەردێری (نووســـینی کـــوردی بە لاتینـی)یە. بـاس لەوە دەکـا، کە زمـانی کـوردی زمـانێکی زیندوو و فرەوان و پڕ لە دەستەواژەیە ئەگەرچی ئەوانەی مێژوویـان چەواشـەکردووە و نـاحەزی نەتەوەی کـوردن هەوڵ و کۆششیان کردووە بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی، بەڵام درۆ و دەلەســـەکانیان لە پـێش لافـاوی ڕاســـتییدا ڕوخـاوە. ئامـاژە بەوەش دەکـات مێژووناسـانی بیگـانە نەیـانتوانیوە بیسـەلمێنن، کە زمـانی کـوردی لقێکـی زمـانی فارسـی یـان عەرەبـی بێـت، بەڵکـو سـەلماندویانە زمـانی کوردی زمانێکی سـەربەخۆیە، هەروەهـا ئاماژە بە مستەر سـمیس و کەنـاچە لوسـی پۆل مارگرێت و مینۆرسـکی و ئەمـین زەکـی بەگ دەکـات، کە گوتویـانە زمـانی کـوردی زمانێکی بە بنج و بنەوان و فراوان و سەربەخۆیە.

دوای ئەوەی لە بـــواری ڕێکخراوەیـــی وەک نـــوێنەری قوتابیـانی کـۆیە دەچێـتە بەغـدا پاشـان سـاڵی ١٩٥٣

سەرپەرشــــتی یەکەم کـــۆنگرەی (ی.ق.ک) دەکـــات، لەم کۆنگرەیە بە سکرتێر هەڵدەبژێردرێ و نامیلکەیەک بە ناوی (بۆچی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێویستە) دەنوسێ و بڵاودەکاتەوە..

لە چاوپێکەوتنێکدا مام جەلال دەڵێ: یەکەم جار دەستم بە نووسین کرد وەک پەیامنێر بووم بۆ گۆڤاری ڕزگاری کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق بوو، هەواڵیکم بڵاوکردەوە دوایی چەند شتێکی دیکەم....

پرسیار: ئەو یەکەم هەواڵەت لە بیر نییە؟

مام جەلال: نەوەڵا لە بیرم نییە، من لە کۆیە بووم، بەڵام نـــازانم لە ســـەر چـــی بـــوو بە ڕاســـتی دوای ئەوە کە لە خوێندکاران دەستمان بە ئیش کرد یەکەم شت کە نووسیم ئەو کاتە ئێمە دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان کـرد لە شـوباتی ١٩٥٣ یەکەمـین شـت کە نووسـینم ئەوە بـووە، یەکێتـی قوتابیـانی کوردســتان بـۆ؟ اتحـاد طلـبە

کردستان لماذا؟[14]دیار بوو ورده ورده فێربووم بە زمانی کوردی و عەرەبی شتم دەنووسی.

پرسیار: بە چ نازناوێک؟

مام جەلال : جۆرەها نازناوم هەبوو، لە ڕزگاری بەناوی ئاگر دەمنووسی، لە خەبات ماوە یەک بە ناوی پیرۆت دەمنووسی، هەندێ جار لە گۆڤارەکانی تردا بە ناوی زانا دەمنوسی . بە تایبەتی لە گۆڤارەکانی کۆمەڵەدا، زانا ، توانا هەروەها زۆرجاریش بەناوی خۆم دەمنووسی.[15]

دوای دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیان، دواتر یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت و مام جەلال دەبێتە سکرتیری یەکێتیی لاوان، لەم سەروبەندەشدا بانگەشەی ئاشتی و هاوکاری نێوان گەلان لە برەودابوو، بۆیە دەبینین

---

[14]- لەدیداری تەمەن ناوی ئەم نامیلکەیەی بەناوی بۆچی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پێویستە، بردووە، بڕوانە دیداری تەمەن لاپەڕە(٦٥).

[15]- هەڤال مام جەلال بۆ کوردستانی نوێ و لە کوردستانی نوێ دەدوێ، لە بڵاوکراوەکانی بەشی روناکبیری مەکتەبی ڕێکخستن ژمارە٢٣، سلێمانی ١٩٩٩،لا١٥.

مام جەلال لە دیداری تەمەندا دەڵێت: حەمەی ئەحمەد تەها (کـامەرانی شـاعیر )کۆمەڵێـک هـۆنراوەی لە(١٩٥٤)ەوە دانـابوو لە سـەر ئاشـتی، مـن پێشـەکییەکم بـۆ نووسـی و بـڵاوی کـردەوە. ئەو پێشـەکییە، کە مـن نووسـیبوم، بـو بە هـۆی گیروگرفتێکـی گەورە، مـن بەزمـانی چەپـی ئەوسـەردەمە نووسـیبوم و زۆر باسـم لە ئیمپریالسـت کردبـوو، وەک پیـاوخۆر دابـوومە قەڵەم، لە سـەر ئەو هـۆنراوەیە و پێشـەکییەکە درایـنە دادگـا، حەمەی ئەحـمەد تەهـا بە سـاڵێک دورخسـتنەوە حـوکم درا و منـیش بەڕەڵـڵا کـرام، چـونکە مـن شـاعیرەکە نەبـووم، بەڵکـو ناشـرەکە بووم.[16]

مـام جەلال سـاڵی ١٩٥٥ واتە لە تەمەنـی بیسـت و دوو سـاڵیدا، بەو پێیەی سـکرتێری یەکێتیـی لاوانـی دیمـوکراتی کوردستان بووە، سەرباری کاری پارتایەتی، وەک ئەندامی لێژنەی ناوەندی حزب، بۆ بەشداری لە ڤیستیڤاڵی پێنجەمی لاوانـی جیهـان، کە ئەوسـا لە وارشـۆی پـایتەختی پۆڵەنـدا دەگیرا، بەمەینەتی و هەوڵی لێبڕاوانەی خۆی بە پەنهانی،

[16]- دیداری تەمەن، لاپەرە - ٨١ .

وەک یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان شانبەشانی لاوانی دیموکراتی عێراقی (شیوعییەکان) خۆیان دەگەیننە وارشۆ. دواتر دوو کەس لە کۆی بەشداربووانی ڤیستیڤاڵەکە داوەتی چین دەکرێن، کە یەکێکیان مام جەلال دەبێت بە ناوی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ئەویتریشیان لەلاوانی دیموکراتی عێراقەوە. بەم شێوەیە مام جەلال بە شەمەندەفەر لە وارشۆوە بە ناوخاکی شۆرەویدا دەگاتە پەکینی پایتەختی چین، لە پاڵ ئەم گەشتەدا مام جەلال خولیایەکی بووە ئەویش پەیوەندی گرتن یان بینینی مەلا مستەفا بوو، کە لە ١٩٤٦ ەوە وەک سەرۆکی حزب دیاریکرابوو، بەڵام تا ئەو کاتە هیچ پەیوەندییەکی نەکردبوو بە حزبەوە پارتیش هەوڵیدەدا پەیوەندی لەگەڵ بکات، بۆیە مام نامەیەک دەنووسێ، نامەیەکی دوور و درێژ، وەک فەرید ئەسەسەرد لە کتێبی (رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان) باسی دەکاو دەنووسێ:

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو دوو نامەیە بکرێ، کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی ناردووە، کاتێک کە مەلا مستەفا لە یەکێتیی سۆڤیەت بووە.

ئەم دوونامەیە یەکەم جار ساڵی ١٩٨٧ لە بەشی سێییەمی کتێبەکەی بەڕێز مەسعود بارزانییدا دەربارەی بارزانی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بڵاوکرانەوە. ئەم دوونامەیە بەهایەکی مێژوویی زۆریان هەیە و بە دوو دیکۆمێنتی زۆر گرنگ دەژمێردرێن، ئەم دوونامەیە بەدەسخەتی تاڵەبانی نووسراون و زۆر زانیاری گرنگیان دەربارەی ڕەوش و پەیوەندی و گیروگرفتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتۆتە خۆ، تاڵەبانی نامەی یەکەمی لە٥/تشرینی یەکەمی/١٩٥٥ نووسیوە لەوکاتەدا لە پەکینی پایتەختی کۆماری گەلی چین بووە. لەو گۆشەنیگایەوە، کە تاڵەبانی ویستویەتی بچێتە سەر وردەکاری، نامەکە شێوەی ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەڵی ٣٤ لاپەرەیی بەخۆوە گرتووە، کە تاڵەبانی لە پەکین دەستی بە نووسینی کردووە و لەمۆسکۆ لە٨ی تشرینی یەکەمدا کۆتایی پێهێناوە.[١٧] لە ڕۆژی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەممووز خۆپیشاندانێکی گەورەی لەگەڵ ڕێکخستنەکان لە شاری سلێمانی ڕێکخست، پاشان چووە بەغدا بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی. هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووز و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی مۆڵەت بە

---

[١٧]- بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ل، ١٦.

بڵاوکـردنەوەی ڕۆژنـامە و گۆڤـاری کـوردی درا، ئەوکـات مـــام جەلال پێشـــنیاری بـــۆ ئیبـــراهیم ئەحـــمەد کـــرد، کە سـکرتێری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئەوسـا بـوو، کە کـار بکەیـن بـۆ دەرکردنـی گۆڤارێـک بەنـاوی (ڕزگـاری)،[18] ئەوەبوو لە ١٩٥٩ دا ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارەکە درا بە سـاڵح حەیـــدەری و ســـەرۆکی نووســـین و لێپرســـیاری پارێزەر فوئاد جەلال و هەڵسوڕێنەری جەلال تاڵەبانی بوو، سێ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، ژمارە یەک لە ١٠ی شـوباتی ١٩٥٩ و جـــووت ژمـــارەی (٢-٣) لە نیســـانی ١٩٥٩ دا بڵاوکـــراوەتەوە.[19]ئەم گۆڤـــاری (ڕزگـــاری)یە جیـــایە لە (ڕزگـــاری) کە لە پێشـــتر ئاماژەمـــان پێـــدا. ســـاڵی ١٩٥٩ ســـەرباری ئەوەی ئەفســـەری یەدەگ بـــوو لە کەتیـــبەی چـوارەمی تانـک، دووبـارە بە ئەنـدامی لێـژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی لە بەغدا هەڵبژێردرایەوە وێرای ئەوەی بەشدار بوو لە دەرچواندنی ڕۆژنـــامەی خەبـــات کە بە زمـــانی عەرەبـــی دەردەچـــوو

---

[18]- بروانە جلال الطالبانی احداث ومواقف، سالار اوسی، ص ١٩.

[19]- بروانە گۆڤاری ڕۆژنامەوانی ، ژمارە، ١١ و١٢ ، لاپەرە ١٥٣.

بەردەوام بووله چالاكییه حزبییەكان كه ئەوسا بەرپرسی سەربازی بوو.[20]

مـام جەلال سـالّی ١٩٦٠ ئەنـدامی مەكتەبـی سیاسـی و بەرپرسی لقی سلێمانی بوو لەم سنووره خولی پێگەیاندنی كـادیرانی كـردەوه و چەنـدین كـادیر لەسەردەسـتی پێگەیشـتن، دواتـر ئەو بابەتـانەی لەخـولەكەدا وەک دەرس وتنیەوه كرا به كتێبێكی سـەربەخۆ به نـاوی (كـوردایەتی، بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی كوردستانه).

هەرچەنـد ئەم كتێـبه بـۆ یەكەم جـار له سـالّی ١٩٦٤ دا دەرچـووه، بەلاّم مێـژووی نووسـینی بـۆ سـالّی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوه، كاتێک تالّەبانی له تەمەنی ٢٧ سالّیدا بوو. مام به شـێوەی چەنـد وانەیەک له خـولی كـادیرانی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان له سـلێمانی، هەمـوو كتێـبەكەی وتەوه. ئەو وانانەی لەو خوله وترانەوه، ئاستی هۆشیاریی كادیرەكانیـان بەرز كـردەوه، بەتـایبەتی كه ئەم جـۆره بابەتانه له خولەكانی پێشوو نەوترابونەوه. ئەمەش خۆی له خۆیدا دەرفەتێكی گونجاوی بۆ چاپكردنی كتێبەكه پێک هێنـا، چـونكه لقـی سـلێمانیی پـارتی بڕیاریـدا به رۆنیـۆ

---

[20]- بڕوانه جلال طالبانی (تاریخ و نضال) منشورات مكتب الاعلام المركزی، الطبعة الثانیة ٢٠٠٥، ص ٧.

ژمارەیەکی لیَ بلاَو  بکاتەوە. لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤ دا دیسان لقی سلێمانیی پارتی هەر بە رۆنیۆ چاپێکی تری لیَ دەرکرد. ئەمەش نیشانی دەدا کە بابەتی کتێبەکە ئارەزوی لەسەر بووە و کادیرەکان تامەزرۆی ئەوە بون بە شێوەیەکی زانستی لە ریشەی مێژویی کوردایەتی بگەن و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی بزانن. لە کتێبەکەدا تالەبانی دەستەواژەی "کوردایەتی" لە ناونیشان و ناواخندا بەکار دێنیَ. ئەم وشەیە لە روی مێژووییەوە ئاماژە بۆ دوو گروپ دەکا: گروپێکی کەلتوری کە لە ناوخۆدا چەند فاکتەرێکی هاوبەش، وەک زمان ، ژیانی هاوبەش و داب و نەریت، تاکەکانی پێکەوە گریَ دەدەن. قۆناغی گروپی کەلتوری قۆناغی پێش ناسیۆنالیزمە کە تێیدا گروپەکە ئامادەییەکی زۆری بۆ تەوانەوە و تێکهەلَکێشبون و ئاوێتەبون و وەرگرتنی زمان و کەلتوری پێشکەوتوو و بەهێز ، تا ئەندازەی تەوانەوە تێیدا، هەیە. لەو قۆناغەدا کوردایەتی زۆرتر مانایەکی زمانەوانی یان کەلتوری هەلَدەگریَ و هەست بە بون لە چوارچێوەی زمان و کەلتور ناترازیَ. لەو قۆناغەدا چەمکەکانی وەک "نیشتمان"

و "چارەنوسی هـاوبەش"  و "سـەروەریی زەوی" زۆر کزن یان هەر نابینرێن.

گروپـی دووەم ئەو گـروپەیە کە تاکەکـانی هەسـت بە بـونی خۆیـان وەک گروپێکـی جیـاواز و هاوچـارەنوس و خـاوەن بەرژەوەنـدیی هـاوبەش و نیشـتمانێکی هـاوبەش و پشـت ئەسـتور بە ناسـنامەیەکی دامەزراو لەسـەر بنەمـای زمـان و کەلتـور و ئیتنیک و بیروبـاوەڕ و مێژوو دەکەن و دژی توانانەوەن لە بۆتەی گروپێکی تـردا. لێرە کوردایەتی دوراییەکـی پێشـکەوتوتر وەردەگـرێ و چەمکـی شـانازیی رەگەزی و سـەروەریی نیشتمان و خاکی پیرۆز و کەلتوری مێژووکـرد بەرهەم دێنـێ. مـام بە شـێوەیەکی زانسـتی لە کوردایەتی دەڕوانێ. کـوردایەتی، لای تاڵەبـانی، بە وردی و وەک پێداویســـتییەکی مێژویـــی، گوزارشـــتێکی چـــڕی بــزوتنەوەی رزگــاریی گەلــی کــوردە "بــۆ رزگــارکردنی نیشتمان" و هێنانە دیی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە مــافی چــارەی خۆنوســینەوە . کــوردایەتییەکەی تاڵەبــانی کـــــوردایەتییەکی پێشـــــکەوتوخوازە و دورنمـــــایەکی کــۆمەڵایەتیی هەیە ، چــونکە دژی ئیمپریــالیزمە لە روی

سیاســییەوە لە لایەک و هەوڵــیش دەدا بــۆ "پێشــکەوتنی سیاســی و کــۆمەڵایەتی و پیشەســازی و کشــتوکاڵی و خوێنـــــدەواری" لە لایەکــــی تــــرەوە. بەمە تاڵەبـــــانی کــوردایەتییەکەی خــۆی لە کــوردایەتیی دەرەبەگ و رەوتە خێڵەکییەکـــان دور دەخـــاتەوە. بـــایەخی جیـــاکردنەوەی کــوردایەتیی کلاســیکی لە کــوردایەتیی پێشــکەوتنخوازی تاڵەبـانی لەوە دایە کە یەکەمیـان نـاوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی نیە و دووەمیان ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازی هەیە و بەپێـی هەلـومەرجی مێژوویـی دژی دەرەبەگـایەتی دەبێ  و تێکەڵاو بە ململانێی چینایەتیی ناو کۆمەڵ دەبێ و ئەگەر نیشـتمان داگیرکـراو بـوو، دژی داگیـرکەر دەبـێ و سـوپا رزگـاریخوازەکەی لە جووتیـاران پێکـدێ کە ئەمەش وڵات هەم لە داگیـــرکەر رزگـــار دەکـــا هەم لە دەرەبەگ. هەروەهـا دەشـێ لەم پرۆسـەیەدا بـورژوازی رابەرایەتیـی جوتیاران بکا بۆ رزگارکردنی نیشـتمان لە دەرەبەگایەتی و داگیـــرکەران. تاڵەبـــانی لەم کتێـــبەدا لە بـــنج و بنەوانـــی نەتەوایەتـــی (ناســـیۆنالیزم) دەکــۆڵێتەوە. بەڵام ئەم کـــارە دەرگایەکی تری لە بەردەمدا کردۆتەوە، چونکە کوردایەتی لە رووی زانســـتییەوە، جـــگە لەوەی کە جـــوڵانەوەیەکی

کۆمەڵایەتییە، قۆناغێکی مێژووییشە کە زادەی پەرەسەندنی ئـــابوری - کـــۆمەڵایەتییە. بەم مانـــایە، کـــوردایەتی بزووتنەوەیەکی سەردەمبڕ نیە، بەڵکو زادەی گەشـەکردنی ئابوری - کۆمەڵایەتیی کوردستانە کە تێیدا، لە قۆنـاغێکی دیاریکراودا، هەندێ چەمکی تازە لە ناو کۆمەڵدا پەیدا دەبن لەوانە چەمکەکـانی "نیشـتمان" و "نەتەوە" و "چارەنوسـی هاوبەش". ئەم پێشهاتە تازەیە رەنگدانەوەی پەرەسـەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە . تیۆریی تاڵەبانی لەم رووەوە هەمـان تیـۆریی کـارل مارکسـە کە ناسیۆنالیزم بە پەیـدابونی سـەرمایەداری و دارمـانی دەرەبەگـایەتییەوە دەبەسـتێتەوە و پێـی وایە کاتێـک بەرهەمـی کـاڵایی لە کوردســتان لە ســەدەی نۆزدەهەمــدا پەرەی ســەند، کوردسـتان پێـی نـایە سـەردەمی سـەرمایەداری و بەپێـی دابەشکردنی کـاری جیهـانی، رۆڵێکی لە سیستمی جیهـانیی سەرمایەداریدا بۆ دیـاری کـرا کە تاڵەبـانی لە کتێبەکەیدا بە شـێوەی "پەیـدابونی کەسـابەت و تیجـارەت و نـاوچەی بازرگـانی "گوزارشـتی لـێ دەکـا . بەشـە بەراییەکـانی شـیکردنەوەکانی تاڵەبـانی زۆر بـاس لە نـاردنە دەرەوەی بەروبومی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵیی کوردسـتان بۆ تورکیـا و

روسـیا و ئەوروپـا و عەرەبسـتان و ئێـران دەکەن لەوانە مەڕ و مـاڵات، خـوری، کەتیـرە، مـازوو، پێسـت، تـوتن، هەنگوین، مافور و هی تر.

پەلکێشـکردنی کوردسـتان بـۆ بـازاڕی جیهـانیی سـەرمایەداری، ڕەنگـدانەوەی گەورەی لە کوردسـتاندا هەبووە. لە لایەک دەرەبەگەکان ئەوەندەی تر زیاتر کەوتنە تاڵانکردنی جووتیاران و لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی ئەم بزاوتەی بەرهەمهێنان و بازرگانیدا، پرۆسەی کەڵەکەبوونی سـەرمایە هـاتە ئـارا. لە ڕەوتـی مێژووییـدا، پرۆسـەکە کوردسـتانی گواسـتەوە بۆ قۆنـاغی ئـاڵوێری نەختینەیـی، واتە قۆناغی بەکارهێنانی دراو لە ئاڵوێرە بازرگانییەکاندا. کـۆی پرۆسـەکە کە تـێکەڵەیە لە قـازانجی مـاددی و چەوسـاندنەوەی چینـایەتی و پێشـکەوتنی شارسـتانی، زۆر دیـاردەی لـێ کەوتەوە وەک تەشـەنە سـەندنی ململانێـی نێوان جووتیاران و دەرەبەگەکان،

کـۆچی جووتیـاران بـۆ شـارەکان، گەورەبـوونی شـارەکان، زیـادبونی دەوڵەمەنـدەکان، پەیـدابوونی چینـی

بورژوازی، هەڵپەی داگیرکەران بۆ سەپاندنی هەژمونی خۆیان و بەتاڵانبردنی سامانی نیشتمانیی کوردستان.

تاڵەبانی لە پێشەکییەکی دوور و درێژدا، سەرگوزشتەی پەیدابونی نەتەوەی کورد لە روی مێژووییەوە، بە شێوەیەکی زانستییانە دەگێڕێتەوە و بەو جۆرە لە دەرگای بابەتە سەرەکییەکە دەدا کە هەوەڵ جار باسی چۆنێتیی پەیدابونی نەتەوەی کورد دەکا و پاشان دەچێتە سەر باسکردنی پەیدابوونی کوردایەتی کە لێرە دەکرێ پێی بوترێ ناسیۆنالیزمی کوردی.

بەپێی تیۆریی تاڵەبانی، کوردایەتی لە روی سیاسییەوە زادەی زوڵم و زۆری داگیرکەران و سیاسەتی ئازاردانی نەتەوەیی و چەوساندنەوە و توندوتیژی و سەپاندنی ناوەندێتیی دەوڵەت و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی کوردە. جگە لەوە، تاڵەبانی پێی وایە داگیرکردن و دەستێوەردانی ئیمپریالیستی لە کاروباری رۆژهەڵاتدا، بووەتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کورددا.

تاڵەبـانی هەنـدێ روداوی نـاوچەکە بە وێـستگەیەکی گرنگی سـەرهەڵدانی بیری سـەربەخۆخوازانەی کوردایەتی دەزانێ لەوانە جەنگی رزگاریخوازیی یۆنان لە ساڵی ١٨٢٨ و پێشـڕەویی سـوپای بـرایم پاشـای میسـر بـۆ گرتنـی ئیستانبولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی.

تاڵەبـــانی پێـــی وایە کـــوردایەتی، لە شـــێوەدا، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا و بە هەر شێوەیەک بووبێ، هەر یەک ئامـانجی هەیە، ئەویـش رزگـاری و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتییە. بـۆیە کوردایەتیی سـەردەمی بەدرخـان تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە کە جیـایە لە کـوردایەتیی شـێخ عوبەیـدوڵڵا نەهـرێ. لە کاتێکدا کوردایەتییەکەی بەدرخان لەسەر بنەمـای میرایەتـی روبەڕوی عوسمانییەکان بۆتەوە، کوردایەتییەکەی نەهـری لەســەر بنەمــای یەکخســتنی خێڵەکـان دامەزراوە. لێـرەش تاڵەبانی خەبات لەپێناوی دەستوردا بە کوردایەتی دادەنێ، چـونکە دەکـرێ لە رێـی دەسـتورێکی گەلپەسـندەوە، مـافە بنچینەییەکــانی کــورد بســەلمێنرێن و یەکســانی بەدی بهێنـرێ. بەڵام هەمـوو ئەم جـۆرە کوردایەتییـانە، لە بـاری

سـەرنجی تاڵەبـانییەوە خەمڵیـو نـین و هەڵبژاردنـی ڕێبـازی شـــۆڕش بە گونجاوترینیـــان بـــۆ بەدی هێنـــانی ئامـــانجە نەتەوەییەکان دادەنێ. [٢٢]

دوای داخستنی ڕۆژنامەی خەبات، شەوی نەورۆزی سـاڵی ١٩٦١ مـــام لە بەغـــدا وتـــارێکی دژ بە دکتـــاتۆریەت وەک بەرگرییەک لە مەرحوم ژەنەڕاڵ بارزانی پێشکەش کرد، کە زەعیم عەبدولکەریم قاسـم ژمـارەیەک تـۆمەتی دابـووە پـاڵ بە قســـەی ئەو هەواڵـــدەرانەی هەوڵیـــان دەدا درز بـــخەنە نێـــوان هێـــزە کوردییەکـــان و عەبـــدولکەریم قاســـم، بەم هـۆیەوەش فەرمـانی دەسـگیرکردن بـۆ مـام جەلال دەرکـرا، ئەمەش وایکرد مام خۆی لەبەر چاوان ون بکـا و بە نهێنـی بگەڕێـتەوە سـلێمانی و بەشـداری لە خۆپیشـاندانی گشـتی بکـات کە لە شەشـی ئەیلوولی ١٩٦١ دا بەڕێوەچـوو. کـاتێ

---

[٢١]– کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانە ،پێشەکی بۆ چاپی نوێ فەرید ئەسەسەرد، ئامادەکردنەوەی بۆچاپ و پەراوێزەکان سامی قادر، چاپی چوارەم-٢٠٢٣ لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کورستان ،پڕۆژەی کۆبەرهەم /٨.

.

هەر لەو مانگ و ساڵەدا کە شۆڕش هەڵگیرسا مام جەلال بەرپرسی لیوا (پارێزگا)ی سلێمانی بوو، یەکەم بنکەی شۆڕشی لە چەمی ڕەزان دامەزراند و سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەی ئەم لیوایەی کرد کاتێکیش باسکی شۆرش ئەستوور بوو و ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد مام کرایە بەرپرسی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان،

لە ساڵی ١٩٦٢دا هێرشێکی بەرفراوانی بۆ تەواوی ناوچەی شارباژێر بەڕێوەبرد لەماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵی سەرجەم بنکەکانی پۆلیس و ناحیەی بناوەسوتە و چوارتای کرد و هێزەکانی ڕوەو پێنجوین پێشڕەویان کرد وتوانیان بە تەواوی هەموو ناوچەکە ڕزگاربکەن بەمشێوەیە شارباژێر و پێنجوین بوونە دوو ناوەندی شۆڕش وسەرکردایەتی شۆڕش لە ماوەی ١٩٦٢- ١٩٦٣ دا هەروەها زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغ و قەڵاسێوکە و گەرمیان وسەنگاو ئازادکران لە ژێر فەرماندەیی مام جەلالدا، هەروەها سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆ و هەڵەبجە و تەوێلە و بیارەشی دەکرد. [٢٢]

لەدوای کودەتای ڕەشی شوبات کرا بە سەرۆکی وەفدی کوردی و سەردانی جەمال عەبدولناسری لە میسر کرد و

---

[٢٢]- بڕوانە جلال طالبانی (تاريخ و نضال) منشورات مكتب الاعلام المركزي، الطبعة الثانية ٢٠٠٥، ص ٧-٨.

سەردانی ئەحمەد بنبیلّلای جەزائیریشی کرد و ڕازی کردن بە پشتیوانی کێشەی ڕەوای کورد. لە هەمانساڵی ١٩٦٣دا سەردانی ئەوروپای کرد وەک نوێنەری شۆڕشی کوردستان لە فرەنسا و ئەڵەمانیا و ڕووسیا و چیکۆسلۆفاکیا و نەمسا زۆر بە بڵاوی پرۆپاگەندەی بۆ شۆڕشی کوردستان کرد. لە ساڵی ١٩٦٤دا گەڕایەوە کوردستان و چووە وە سەرکاری خۆی فەرماندەیی هێزی ڕزگاری کە گەورەترین هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لە ناوچەکانی سلێمانی، کەرکوک، خانەقی چالاکی زۆری نواند.

لە ساڵی ١٩٦٧دا بە ناونیشانی الاشتراكية والقضية القومية والمسالة الكردية فی العراق بەشداری (ندوة الاشتراكيين العرب)ی کردووە لە جەزائیر، کە لە نێوان ٢٢ تا ٢٨ مایسی ١٩٦٧ لە جەزائیری پایتەخت بەستراوە، مام جەلال وەک نوێنەری کورد تیایدا ئامادە بووە، دواتر لە ١٩٦٧/٨/٢ لە بەکرەجۆ بە قەبارەی نیو فۆلسکاب تایپ کراوە و ڕاکێشراوە، کۆی لاپەڕەکانی (٥٣) لاپەڕەیە، پێشەکی و چەند سەرباسێک دەگرێتە خۆی:

- سۆسیالیزم و پرسی نەتەوەیی.

- سۆسیالیستانی عەرەب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و پرسی کورد.

- هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە مەڕ پرسی کورد.

- هەڵوێستی حزبی دیموکراسی نیشتمانیی.

- حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست.

- هەڵوێستی سۆسیالیست و یەکێتی خوازە ناسرییەکان.

- چارەسەری سۆسیالیستانەی پرسی کورد.

- سۆسیالیستە عەرەبەکان چۆن پرسی کوردیان چارەسەرکرد.

- جیابوونەوە دژ بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلی کوردە.

- خەباتی شۆرشگێڕانەی هاوبەش تاقە ڕێگای ڕاستە بۆ گەیشتن بە چارەسەری سۆسیالیستی بۆ پرسی کورد.

ساڵی ١٩٦٧، ئەوسا مام جەلال تەمەنی تەنیا٣٤ساڵ بووە، ئەم تویژینەوەی پێشکەش کردووە، تویژینەوەکە بە پێنجسەد دانە بەسەر نوینەری وڵاتانی جیاواز و ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و بیانی و وڵاتە سۆسیالستەکانی

وەک چاودێر ئامادەی کۆڕبەندییەکە بوون دابەشکراوە. توێژینەوەکە کاریگەری زۆری خستۆتە سەر دەرونی نوێنەران و ئامادەبووان پەسندیان کردووە و بەرز نرخاندویانە، بە بەڵگەی ئەوەی ئامادەبووان پێداگریان کردووە، کە هەڵسوڕێنەری دانیشتنەکە کاتێکی زیاتر لەو بیست خولەکەی بۆ هەر توێژینەوەیەک دیاریکراوە بە مام جەلال ببەخشێ تا بتوانێ تەواوی توێژینەوەکە پێشکەش بکات و دەرفەتەکەشی پێدراوە. مام لە پێشەکی توێژینەوەکەدا نووسیوویە و دەڵێ: ئەوشانازییە بۆ من بەسە کەنوێنەران بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لە توێژینەوەکە کرد، وەک بەڵگەیەک لەسەر پەسند کردن و ئاسوودەبوون لێی. بەم هۆیەوە زۆرێک لەنوێنەران لەراستییە تازەکان گەیشتن سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتە پێشڕەوەکەی و کوردە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخواز و سۆسیالستەکان، دەربارەی کێشەی کورد و پەیوەندییەکەی بەخەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و هاوخەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد وعەرەب.

ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو سەردەم گرنگییەکەی لەوەدا خۆی دەبینێ، کە مام هەوڵی ناساندنی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی و پارتە پێشڕەوەکەی و کوردە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان بەسۆسیالست و چەپەکانی عەرەب داوە و تیاشیدا سەرکەوتووبووە. بۆ ئیمڕۆش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمە بەشێکە لەکلتووری فیکر و قەڵەمی مام جەلال، کە نیوسەدە زیاتری بەسەردا تێپەڕیووە زۆر چەمک و تێڕوانیین گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە، لەگەل ئەوەش هێشتا بیروبۆچوونەکانی زیندوون لە کۆڕبەندی سیاسیی نێوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمی و دەولیدا مشتومڕی لەسەرە.

سەبارەت بەکۆڕبەندی سۆسیالیزمی عەرەبی، کە لە جەزائیر بەستراوە، مام لە دیداری تەمەن، ئەوچاوپێکەوتنەی سەلاح ڕەشید لەگەلیدا ئەنجامی داوە و ئامادەی کردووە دەڵێت:

هەموو حزبە شیوعی و ئیشتراکی و بەعسییەکان جگە لە بەعسی ڕاسترەو، هەموو حزبەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی و ئیتحادی ئیشتراکی عەرەبی بانگهێشت کرابوون، لە

کـوردیش، له پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان تەنهـا مـن بانگهێشـت کرابـووم. دیـاره مـن لەگەڵ وەفـدەکە چـوومە جەزائیر ئەوانەی لەگەڵمـان دابـوون بریتـی بـوون له: فوئـاد ڕیکـابی[23]، هاشـم عەلـی موحسـین سـەرۆکی ئیتحـادی نەقابـاتی کرێکـاران، دواتـر بـووه سـکرتێری گشـتی حزبـی کرێکـارانی عەرەبـی ئیشـتراکی[24]، پیـاوێکی زۆر چـاک و دۆست بوو. ئێمه وەک وەفدێکی نیمچه ڕەسمی بەڕێکراین چـووینه لوبنـان و قـاهیره، لەوێـوه هەمووومـان بەیەکەوه ڕۆیشـتین بـۆجەزائیر، لەشەخسـیاتی نـاوداری ئەو زەمـانە،

---

[23]- فوئاد ریکابی ساڵی١٩٣١ لەناسریه لەدایک بووه، یەکێک بووه له دامەزرێنەرانی سەرکردایەتی قوتری بەعس له عێراق، دواتر حزبی ئیتحادی ئیشتراکی عەرەبی، ساڵی١٩٧١ لەبەغدا تیرۆرکراوه.

[24]- هاشم عەلی موحسین، ساڵی ١٩٢٨ لەبەغدا لەدایک بووه، سەرۆکی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق و سەرۆکی یەکێتیی نێودەوڵەتی کرێکارانی عەرەب بوو، سەر به بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب بوو دواتر چووه ڕیزەکانی بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی، ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووه.

کەمـــال جـــانپۆلاد[٢٥]، فوئـــاد نەسســـار[٢٦] ســـکرتێری حزبـــی شـــیوعی ئـــوردونی، کەمـــالەدین ڕەفـــعەت[٢٧]، ئەحـــمەد حەمـــــڕوش[٢٨]، عەبـــــدولخالیق مەحجـــــوب[٢٩] لەســـــودان،

---

[٢٥]- کەمال جانپۆلاد، لە١٩١٧ لەلوبنان لەدایک بووە بە بیرمەند و فەیلەسوف ناوی براوە، لە کەسایەتییە دیارەکانی لوبنانە، سەر بە حزبی پێشکەوتنخوازی سۆسیالستی بوو، لە١٩٧٧ لەلوبنان تیرۆرکراوە.

[٢٦]- فوئاد نەسسار،ساڵی ١٩١٤لە شاری ناسیرەی فەلەستین لەدایک بووە، یەکێکە لەدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی شیوعیەت لە ئوردن و فەلەستین، ساڵی ١٩٧٦ لە عوممانی پایتەختی ئوردن کۆچی دوایی کردووە.

[٢٧]- کەمالەدین ڕەفعەت،ساڵی ١٩٢١ لەمیسر لەدایک بووە، سیاسەتمەدار و وەزیر بووە، یەکێک بوو لە ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازاد، ساڵی١٩٧٧کۆچی دوایی کردووە.

[٢٨]- ئەحمەد حەمڕوش، ساڵی ١٩٢١ لەمیسر لەدایک بووە، لەئەفسەرانی ئازاد و مێژوونووس بووە، سەرنووسەری گۆڤاری تحریر بووە و لە٢٠١١ لەمیسر کۆچی دوایی کردووە.

موحسـين ئیبـراهیم[٣٠] و نـایف حەواتـمە[٣١] لە لوبنـان و فەلەستین.

لەوێ من سێ بابەتم پێشکەش کرد، ئێستاش باسی گرنگ و سەرەکین ئەگەر بیخوێننەوە پێموایە هێشتا بەکەڵک دێن، یەکێکیان سۆسیالیزم و کێشـەی نەتەوەیی و پرسی کورد لەعێراقدا، ئەوە بووە کوڕاسێک بڵاوکرایەوە.

باسی دووەم بەناوی گرنگی مێژوویی بۆ یەکێتیی عەرەبی لەسـەر بنـاغەیەکی پێشـکەوتنخواز و دیمـوکراتی، ئەمە

---

[٢٩]- عەبدولخالیق مەحجوب، ساڵی ١٩٢٧ لە سودان لەدایک بووە، یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی شیوعیەت لە سودان، ساڵی ١٩٧١ نمیری عیدامی کردووە.

[٣٠]- موحسین ئیبراهیم، ساڵی ١٩٣٥ لە لوبنان لەدایک بووە، سیاسەتمەدارێکی لوبنانی و سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کاری شیوعی لوبنان بووە، پاشان چۆتە ڕیزی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب، ساڵی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە.

[٣١]- نایف حەواتمە، ساڵی ١٩٣٥ لە ئوردن لە دایک بووە، سکرتێری گشتی بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستینە کە ساڵی ١٩٦٥ دایمەزراندووە و یەکێکە لە دیارترن ڕێبەرانی شۆڕشی فەلەستین.

باسێکی ئیقتیسادی سیاسیی و ئیستراتیجی بوو، باسی لەوە دەکرد ئەگەر یەکێتیی عەرەب لەسەربناغەی پێشکەوتنخوازی و دیموکراتی دابمەزرێت چ کاریگەرییەک دەکات لە سەرتەرازووی هێزەکان لەناوچەکە و لە جیهاندا و بە بەرژەوەندی گەلان کۆتایی دێت.

باسی سێییەم، ڕۆڵی بورژوازی بچوک لە بیناکردنی سۆسیالیزمدا، ئەمە زۆربەی خەڵکەکە پێی ناخۆش بوو، چونکە بۆچوونی چەپ زاڵبوو بەسەر نووسینەکەدا، گوتم ئەو بۆچوونانە ڕاستن کە دەگوترێ بەبێ سەرکردایەتی هێزی کرێکار سۆسیالیزم بینا ناکرێ و بۆرژوازی بچوک ناتوانێ سۆسیالیزم بینا بکات. هەروەها گوتم پەرەسەندنی ناسەرمایەداری شتێکی باشە بۆ ئەو وڵاتانەی ئیشتراکییەت تیایدا نییە، نمونەی قسەیەکی لینینم هێنایەوە، کە نابێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی و بزووتنەوەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ تێکەڵاو بکرێت لەگەڵ بۆچوونەکانی

شـیوعییەت.[٣٢]سـۆڤیەتیەکان بۆچونەکـانی منیـان پێنـاخۆش بوو، سەفیری سۆڤیەت لەوێ گوتبوی بۆ بارزانیتان داوەت نەکردووە، موحسین ئیبراهیم بە ناوی هەیئەتی تەحریرەوە پێی دەڵێت هـاوڕێ ئەگەر کۆنگرەی عەشـائیری عەرەبمـان بەست و بارزانیمان داوەت نەکرد مافی خۆتە گلەیی بکەی، بەڵام ئەمە کـــۆنگرەی ئیشـــتراکی عەرەبیـــیە. هەروەهـــا جەزائیریەکـانیش پێیـان نـاخۆش بـوو مـن باسـی مەسـەلەی ئازادکردنی بنبیللام کرد.

بێ سـوود نییە لە سـەر زاری مـام چەنـد نـوکتە و قسـەی توێکڵـــداری پەراوێـــزی ئەم کۆنفرانســـە بگێـــڕینەوە کە دەرخەری کـــاریگەری و کاریزمـــایی مـــام جەلالە لە سەربەشداربووانی کۆنفرانسەکە. مام دەگێڕێتەوە و دەڵێت دوای پێشـــکەش کردنـــی وتـــارەکەم لە دەرەوە لەگەڵ خەیـرەدین حەسـیب و موحسـین ئیبـراهیم راوەسـتابووم، کەمـال جـانپۆلاد هـات پیرۆزبـایی لێکـردم و گـوتی جەلال

[٣٢]– مام جەلال ، دیداری تەمەن لەلاوێتیەوە بۆکۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی سەلاح رەشید، بەشی یەکەم، چاپی چوارەم٢٠١٩، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان.لا٣٢٧ بەدواوە

دەزانــی ئـێمەش ئەسـڵمان کـوردە، گـوتم بەلـێ عـائیلەی جانپۆڵاد مەشهورن لە مێژووی کوردا. لەودەمەش کوڕێکی ڕەشتاڵەی بچکۆڵە سـەرۆکی وەفدی یەمەنـی بـاکوور بـوو، خـۆی تەقـدیم کـردم گـوتی ئوسـتاز جەلال منـیش کـوردم باپیرم قازی بووە چۆتە یەمەن ئێمە بە ڕەچەڵەک کوردین، پێمگوت خۆشـحاڵ بـووم. خەیـرەدین حەسیب قۆڵی گـرتم گـوتی (کاکـا هـذا اشـلون ینجـرع هـم کـوردی هـم یمنـی) بەومانایە کاکە چۆن دەبێ یەمەنیش بیت و کـوردیش بیـت. هەروەها دەڵێت لەناو فرۆکە من وعەبدولخالیق مەحجوب لەتەک یەک دانیشـــتبوون یەکێــک لە تەنیشـــت موحســـین ئیبـــراهیم لەوبەرمـــانەوە دیـــاربوو گـــوێی هەڵخســـتبوو بۆقســـەکانی بەینـی مـن و عەبـدولخالیق، باسـی ئەوەی بـۆ دەکردم کە کورد لە سودان هەیە منیش گوتم ئاگام لەشتی وانیـیە وامزانـی سـوعبەت دەکـات، گـوتی وەڵـڵا بەجـدیمە کــورد لە ســودان هەیە لەچەنــد ســاڵی ڕابــووردو ئـێمە هـاتوچۆی یـانەیەکی رۆشـنبیریمان دەکـرد بەنـاوی یـانەی قەڵەم لەوێدا شـاعیرێکی کـورد لەگەل شـاعیرە عەرەبەکـان بە شـیعر هەجـوی یەکتریـان دەکـرد، بەهەمـوو عەرەبەکـان دەرەقەتـی کـوردەکە نەدەهـاتن لە داخـان یەک لە شـاعیرە

عەرەبەکـان شـیعرێکی نووسـیبوو قـافیەکەی وادەهـاتەوە (انیـک الکـورد و التتـر). منـیش گـوتم هاهـای هـاوڕێ تـۆ نـوێنەری پڕۆلیتاریـای قسـەی وادەکەی، گـوتی جەلال مـن نـوکتە دەگێـڕمەوە گـوتم نـا لە مارکسـیەت دەڵـێ هەمـوو فکرێک بناغەیەکی ماددی هەیە، ئەویش گوتی کوڕە جەلال خـوابتگرێ خـۆت دەزانـی عەواتفـم چـۆنە بەرامـبەر کـورد، گــوتم وەڵــڵا دەزانـــم بەلاّم ئەوە ئاســـاری شـــۆڤینیەتی عەرەبییـە. کە شـەڕی شـەش ڕۆژەی حـوزەیران لە نێـوان میسـر و جـولەکە دەسـت پێـدەکا وەفـدەکە لە لوبنـانەوە دەگەڕێنەوە بـۆ سـوریا، مـام دەگێـڕێتەوە و دەڵـێ لەسـەر سـنوری سـوریا هەمـوو وەفـدەکە پـێکەوە بـووین ڕێگـای هەمووانیـان دا تەنیـا مـن و فوئـاد ڕێکـابی نەبـێ، ئیتـر ئێمە لەسـەر قسـەی بـرادەران بەچـاوەنواری مـاینەوە چـونکە ئەوان گوتیـــان ئـــێمە دەچـــین لەگەڵ ئەوانـــی ســـەروو قسـەدەکەین قسـەکردن لەگەڵ ئەم بچوکـانە بێسـودە، لەو کاتەش شـەپۆلی سـەربازی سوریمان ئەبینی کە لە جەنگ شـکابوون و فیراریـان کردبـوو پیـاو دڵـی پێیـان دەسـوتا. ئەوەبـوو شـەو درەنـگ سـەیارە بە دوامانـدا هـات چـوینە بارەگـای نەقابـاتی کرێکـاران، مسـتەفا تـلاس وەزیـری

بەرگری سوریا( لەکاتی گێڕانەوەی بیروەرییەکانی مام دەڵێت مستەفا تلاس ئەگینا ئەوکاتە مستەفا پلە وپۆستی نەبوو) لەوێ بوو پاش ئیسراحەت وقسەی خۆش باسی چەکی ناپاڵم کرا کە چەند چەکێکی ترسناک و کاریگەرە، ئەفسەرێکی فرۆکەوانی عێراق پەنابەربوو لەوێ باسی مەترسی ناپالمی دەکرد کە چەند وێرانکەرە، مستەفا ڕوو لە ئەفسەرەکە دەکا و پێی دەڵێ هاوڕێ تۆ ئەو هەمووزانیاریەت لەکوێ بوو لەسەر ناپاڵم ئەویش وەڵامی دایەوە( کیف ما اعرف مو احنا استعملناها ضد اخواننا الاکراد – چۆن نازانم ئەی ئێمە دژی براکوردەکان بەکارمان نەهێنا) دەستیشی بۆ لای من درێژکرد. دواتر ئەم قسەیە ببوە نوکتە و لەنێوان خۆمان دەمانگووتەوە.

مام لەساڵی ١٩٧٠دا ڕۆڵی خۆی بینیوە لە یەکخستنەوەی هەردوو باڵەکانی پارتی. کەواتە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، چارەنووسی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە ژێر پرسیارەوە لەوساوە تا مانگی شەش گفت وگۆیەکی زۆر لەناو دەستە بژێرە سیاسییە چەپەکانی کورد سەبارەت بە شێوەی کارکردن

وسروشتی لێک تێگەیشتنە سیاسییەکان هاتە ئاراوە و لە ڕەوتی گفت و گۆکاندا بەرە بەرە ئەو ئاڕاستەیە برەوی پەیداکرد کە (کوردایەتی) وبزووتنەوەی چەپی کورد پێویستی بە شێوازێکی جیاوازی کارکردن و ئامرازی بە دیسپلینتر هەیە. بۆ ئەم مەبەستە مام درکی بەوەکرد کە ڕەوشەکە و پێداویستییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە پێویستی بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازەیە. لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لە گەرەکی راغیبە خاتوون لە بەغدا لە ماڵی فەرەیدون عەبدولقادر کۆبونەوەیەک کرا کە بەشداربووانی ئەمانە بوون: جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نوری، فوئاد قەرەداغی، فەرەیدون عەبدولقادر، دلێر سدیق، فازل مەلا مەحموود و ڕەفعەتی مەلا. لەو کۆبونەوەیەدا پرنسیپە گشتییەکان شەن و کەوکران و چەند مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بە ناوی ڕێکخراوەکە و ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی و تێڕوانیینە سیاسییەکانی و شێوە و تاکتیکەکانی کارکردنی تاوتوێ کران ، لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە بیروباوەری زاڵ بەسەر ڕێکخراوەکەدا لە کاتی دامەزراندنیدا بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بوو، ئەمەش بە ئاشکرا بە ناوەکەیەوە دیارە کە بریتی بوو لە

کۆمەڵەی مارکسی – لینینی – بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ. تاڵەبانی بە ڕابەری دیفاکتۆی ڕێکخراوەکە دیاریکرا. [٣٣]

مام لە١٩٧٢دا چووە دەرەوەی عێراق ماوەیەک لە میسر و لوبنان و سوریە بە نهێنی بردەسەر[٣٤]. لەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش چالاکانە لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا کاری بۆ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بوژاندنەوەی کوردایەتی کرد و لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا جاری هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیدا ، مام جەلال وەک سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕابەرایەتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی کرد. لەساحەی عێراقیدا مام جەلال ڕۆڵیکی دیار و بەرچاوی لە ڕێکخستنی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا هەبوو کاریگەرانەش لە کۆبونەوە و کۆنگرەکان بەشداری کردووە. لەساڵی ١٩٨٨دا تاڵەبانی گەشتێکی دیپلۆماسیانەی نوێی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و

[٣٣]–فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، ٢٠٢١دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، لا ١٦٨٩ –١٦٩٠.

[٣٤]– مام جەلال ژیان و خەباتی قەلەم و کوردایەتی، ئامادەکردنی ئامانج، ١٩٩٦، بێ شوێنی چاپ. لا، ٢٣–٢٤.

ڕۆژئاوا دەست پێکرد کە ئامانجی کۆکردنەوەی پشتوانی وپشتگیری بوو بۆشۆڕشی گەلی کوردستان کە لەمیانەی گەشتەکەیدا لێهاتویی خۆی سەلماند ودرێژەی بە خەباتدا لە سەرکردایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر لەو ساڵەشدا هەوڵەکانی بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی و یەکخستنی ناوماڵی کورد، بووە هەوێنی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان و ئەم بەرەی کوردستانییە ڕێی خۆشکرد لەبەردەم ڕاپەڕینی مەزنی گەلەکەمان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لە ژێر چنگاڵی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا یەکێتیی نیشتمانیی و پارتی دیموکرات زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناو دواتر پێکەوە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێنا. لە کۆنگرەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسۆن لە سەلاحەدین، تاڵەبانی ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەڕێوەچوونی ئەجێندای کۆنگرەکەدا گێڕا و بەشدار بوو لە هاندانی کۆنگرە بۆ پەسندکردنی فیدرالیزم وەک شێوازێکی حوکمڕانی لە عێراقی ئایندەدا. دوا بە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا، هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ گێڕانەوەی ئاشتی بۆ

کوردستان پشتیوانی لە هەوڵەکانی ئەمریکاو بەریتانیا وفەڕەنساو ئیران و تورکیا کرد بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی نێوان یەکێتیی و پارتی. ساڵی ١٩٩٨ بە سەرپەرشتی ئەمریکا، ڕێککەوتنامەی واشنتۆنی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرد. دوا بە دوای ئەمە هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە لە کوردستاندا.

پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکمڕانی کرد. لە نیسانی ٢٠٠٤دا لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقەوە وەک سەرۆکی کۆماری عێراق لە قۆناغی ڕاگوزەر بۆ ماوەی یەک ساڵ هەڵبژێردرا. لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٦دا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە سەرۆکی کۆمار بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرا و بووە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراو لە مێژووی عێراقدا. ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتنامەی ستراتیجی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرد.

له تەممـــووزی ٢٠٠٨دا لە بیســـت و ســـێهەمین کـــۆنگرەی ڕێکخـــراوی سۆسیالســـت ئینتەرناســـیوناڵ بە جێگـــری سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا و ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری دووەم لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عێراق هەڵبژێردرایەوە. لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دا لە بەغدا نەخۆشی تینی بۆ هێنا و بە پەلە گەیەنـدرایە نەخۆشـخانەی شـاریتە لە بەرلینـی پـایتەختی ئەڵمانیا. لە ١٩ی تەممووزی ٢٠١٤ گەڕایەوە بۆ سلێمانی لە دەباشـــان گیرســـایەوە. لەو ماوەیەدانەخۆشـــی ڕێـــی نەدا بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکات. لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧دا، پـاش ململانێیەکـی سـەخت لەگەڵ نەخۆشـیدا، لە بەرلـــین کـــۆچی دوایـــی کـــرد. لە ٦ی تشـــرینی یەکەمـــدا تەرمەکەی بـــۆ ســـلێمانی هێنـــرایەوە و لە مەراســـیمێکی شکۆمەنددا لە گردی دەباشان بەخاک سپێردرا.[٣٥]

مـــــام جەلال وێـــــرای ئەوەی تێکۆشـــــەریکی گەورە وسیاســـەتمەدارێکی دیبلوماســـی بـــوو، ڕۆژنـــامەنووس و نوســـەرێکی دیـــاریش بـــوو بەردەوام لە ڕۆژنامەکـــانی خەبـات(١٩٥٩ -١٩٦١) و ئەلنـور(١٩٦٩-١٩٧٠) و الشـرارە

---

[٣٥]- فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٥٨١-٥٨٤.

وڕێبازی نوێ(١٩٧٥ -١٩٩١) و ئەلئیتحاد و کوردستانی نوێ لە دوای ڕاپەڕین بەدواوەجێ دەستی دیاربووە. خاوەنی چەندین کتێبی مێژوویی و سیاییە وەک:
*-کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستانە.
*-کورد.ستان والحرکه القومیه الکوردیه.
*-اغد ودیمقراطی وحرمان شعب حتی من حق الحلم.
*-گفت وگۆی شۆڕش لەگەل میری.
*- جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرەکانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی.
*-الاشتراکیة والقضیة القومیة والمسالة الکوردیةفی العراق.
*- حول القضیة الکوردیة فی العراق.
*-الجبهة الوطنیة المتحدة، ضرورتها، طبیعتها، اهدافها، مستلزماتها.
*-الاتحاد الوطنی الکوردستانی لماذا؟.
*-سێ وتاری گرنگی هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی (ی . ن . ک).
*بانگەوازی کوردایەتی.
*-فێربوون و تێگەیشتن و بەکارهێنانی مارکسیزم لە خەباتدا.
*-بەهاری بوژاندنەوەی بیروباوەڕ.

*-اراء و احاديث.
*-كوردستانی نویَ -م چۆن دەویَ.
*-الطريق الى الامام.
*-لە گفت و گۆیەکی چەند تەوەرەیی هەمەلایەندا مام جەلال بۆ LBC دەدویَ.
*-اتمنى ان لاتحدث الحرب.
*-هەڤاڵ مام جەلال بۆ کوردستانی نویَ و لە کوردستانی نویَ دەدویێت.
*- ڕامانی مام: دیداری دوو دۆست گفت و گۆی هۆمەر شێخ مووس لەگەڵ مام جەلال لەسەر مەسەلەکانی کوردایەتی و دەوڵەتی کوردستان.
*-حوار جاد مع السيد صبحي ورفاقه.
*-ڕاپۆرتی سیاسی پەسند کراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی(ی . ن . ک).
*ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
*-ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی(ی . ن . ک) لە پلینۆمدا، ٧ -٨ / ١ / ٢٠٠٧.
*-پێشمەرگەی کوردستان.
*-الفلاحون ومراتبهم ومواقفهم من الثورة الوطنيه الديمقراطية.

*-الدكتور الاتاسى والقضية الكوردية.

*-حول ضرورة وجود حزبنا الطليعى.

جـگه لەم کتێبـانه مـام جەلال دەیـان وتـار و نووسـین و نامیلکەی تری هەیه.